شوباتی 2019

پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS

Mediterranean Institute for Regional Studies

# [Type the document title]

## ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ووزەوە

[Type the company name]

بەهرۆز جەعفەر

ئینستیوتی مێدیتریانه بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS، دامەزراوەیەکی ناحکومی ئاکادیمیە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری نەوت و غازی سروشتی و سامانی ئاودا، هاوکات خۆی بەلایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی جیۆپۆڵەتیک و ئاسایش و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بەگشتی، تا لەم ڕێگەیەوە بەشێك لەبەرهەمهێنانی توێژینەوەی زانستی و بەشداری بکات لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەو ئاسایشی هەرێمایەتی و بونیادنانی ئاشتی و کێشە مرۆییەکان لەئارادایە (هەروەکو بوارەکانی کارکردن لە وێبسایتی مێدیتریانە www.mirs.co بە سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی ئاماژە پێدراوە.

ناونیشان: عێراق– ئۆفیسی سلێمانی– گەڕەکی ڕزگاری، بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی.

**ئیمەیڵ:** Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co

تەلەفۆن: **07701951736** یان **00905338601514**

---

## ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ووزەوە

**بەهرۆز جەعفەر***




---

*سەرۆکی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، خوێندکاری دکتۆرا لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان– زانکۆی قوبرصی نێودەوڵەتی.

## پێشەکی

پێناسەو ڕەهەندەکانی ئاسایشی نیشتیمانی لە مانا کلاسیکیەکەی دەرچووە کە بریتی بێت لە: پاراستنی کیان یاخود دەوڵەت لە هەڕەشە سەربازییەکانی دەرەوە، بەڵکو لە چەندین ئاستی نا- سەربازیدا وەکو: ئاسایشی ئابوری، ئاسایشی ووزە، ئاسایشی ژینگە، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، تیرۆر، ئاسایشی خۆراك، کارەساتە سروشتیەکان، نایەکسانی ئابوریی، مەترسیەکانی ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکان، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و...تادوایی دا خۆی ئەبینێتەوە. ئەمە یانی ئەبێت هەر هەرێمێك لەهەموو ئەو ئاستانەدا بیربکاتەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی یاخود بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوتری خۆی.

ئەم هەوڵە زانستیە یەکێکی ترە لەپەیپەرەکانی پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی – MIRS و، بەشێکە لەدیاریکردنی مەترسی و دەرفەتەکان بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، کە لە قووڵایی ستراتیژی نیشتیمانی و ئابوری سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەکوڵێتەوە لە نێوان حەوزەکانی ووزەدا، ئاخۆ هەردوو بابەتی " بازاڕی ووزە" و "جیۆپۆڵەتیکی ووزە" چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی ووزەو ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دائەنەن؟. چۆن لەنێوان کۆمەڵێك مەترسی دا دەرفەتێك ئەدۆزیتەوە؟. لەگەڵ خۆی دا کۆمەڵێك ڕاسپاردەو دەرئەنجام پێشکەش ئەکات.

### یەکەم: تێگەیشتن لە ئابوری سیاسی هەرێمی کوردستان

بەگشتی ئەکرێت سیفەتە جیاکەرەوەکانی ئابوریی نەوتی هەرێمی کوردستان لە چوار تەوەردا کورت بکەینەوە:

#### 1-1. سیستەمێکی دارایی لاواز (ئابوری پشت بەستو بە پارەی کاش).

لە کاتێکدا جیهان نەك پارەی کاش، بەڵکو بزنس کارت و (ATM) یش تێ ئەپەڕێنێت، بەرەو دراوی دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنی هەنگاو ئەنێت، دراوی کاغەز بەرەو نەمان ئەچێت، بەڵام هێشتا کەلتوری حکومڕانی کوردی هەر ئەوەیە کە بە پارەی (کاش) مامەڵە بکات.

بۆیە ئەبینیت بازاڕی ئابوری هەرێمی کوردستان خێراترین گەشەی نەوتی و ئابوری هەبووە لە ماوەی (2007 بۆ 2013) ەدا لە ساڵی (2013) ەدا داهاتەکەی (13) ملیار دۆلار بوە، بەلام چونکە سیستەمێکی دارایی لاوازی هەیە لەساڵی (2015) ەدا داهاتی هەرێمی کوردستان ئەگاتە (سفر) و کۆمەڵێك قەرزی ناوخۆیی و دەرەکیشی دێتەسەر. ئەوەی تێبینی ئەکرێت پارادۆکسێکە هەتا پیشەسازی پیترۆلیۆم لەهەرێم گەشە بکات قەیرانی دارایی هەرێم زیاتر ئەبێت! ئەم ستراکچەرە هەڵەیە لەسیستەمی دارایی دا هەموو کاتێك هۆکاری دروستبونی شۆکی گەورەیە، بۆنمونە کە لەساڵی (2014) ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش تەنها (20) کیلۆمەتر لە پایتەختی کوردستانەوە دوور بوو، لەگەڵیدا نرخی نەوت لە (115$) ی (حوزەیرانی 2014) ەوە گەیشتە (45$) لە ساڵی (2017) ەدا، لە پڕ (28٪) ژمارەی دانیشتوانی هەرێم زیادی کرد بە هاتنی نزیکەی (2) ملیۆن ئاوارە و کۆچبەر[1]. دوور نییە سبەی گۆڕانکارییەك لە تورکیا یان لە ئێران ڕوویدات، چەندین ملیۆن پەنابەری دیکە ڕووبکەنە هەرێم.

### 1-2. پشت بەستنی بێ ئەندازە بە سێکتەری نەوت

بە پێی دەستور ئیراداتی نەوتی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی (85٪) لە بەغداوە ڕەنگڕێژکراوە، لەکاتێکدا سەرچاوەی دارایی عێراق بەگشتی بەڕێژەی (90 ٪ بۆ 95٪) پشت بە نەوت ئەبەستێت، هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2017) ەدا داهاتەکەی تەنها (5٪) ی پشتی بە باج بەستووە[2] (ئەمەش بەو مانایە نایا باج لە سەر هاوڵاتیان زیادبکرێت بەڵکو پێویستە یاسای باج وەها ڕێك بخرێت کە لەگەڵ داهاتی تاکەکەس و ئاستی بەرهەمهێنانی گشتی دا بگونجێت).

### 1-3. ڕۆڵی بێ ئەندازەی حکومەت لە سێکتەری نەوت دا

حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەك کەرتی گشتی ) بەتەنها خۆی کۆنترۆڵی کەرتی نەوتی کردووە، ڕێژەی ئامادەگیەکەی سەروو (50٪) یە، ئەمەش وا ئەکا حکومەت ڕێ بەخۆی بدات سەروو (50٪) ی داهاتی ئەم نەوتە بۆ بودجەی بەکاربردن (استهلاکی) وەکو مووچەو هاریکاری کۆمەلایەتی و دابین کردنی خزمەتگوزاری کارەباو ئاو و سوتەمەنی و تەندروستی و خزمەتگوزاری خوێندن بەکاربهێنێت[3]. سەرباری ئەوەش ڕۆڵی کەرتی تایبەت لاواز ئەکات. لەگەڵ ئەمانەشدا هەرێمی کوردستان توانیویەتی بازاڕێك سەرپێ بخات کە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بەرەو هەرێم کەمەندکێش بکات، بۆیە تەنها لە بواری نەوت و غازدا هەرێم پەیوەندی لەگەڵ (28) دەوڵەتی ئەم دونیایە هەیە کە خۆیان لە (58) گرێبەستدا ئەبیننەوە .

### 4-1. پشت بەستن بە هاوردەکردن

هەرێمی کوردستان هەروەکو عێراق تاکە کالآیەك کە پشتی پێ ئەستێت نەوتە، لەکاتێکدا پێویستە هەمەجۆری لەسەرچاوەی داهات دا هەبێت.

## دووەم: ئاسایشی ووزە و هەرێمی کوردستان

### 2-1. ڕووبەڕووبونەوەی ڕەهەندە نەرێنیەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

بەپێی زانستی فیزیا هەر شتێك لە گێتی دا بۆشاییەك داگیربکات پێی ئەوترێت "ماددە"، جا بۆ ئەوەی هەر تەنێك یان ماددەیەك بجوڵێت پێویستە هێزێك بە ووزەیەکی دیاریکراو کاری تێ بکات. کەواتە "ووزە سەرچاوەی جووڵەیە". ئەگەر "ووزە" نەمێنێت جیهان لە جووڵەو پێشکەوتن ئەوەستێت، هێشتا نەوت (34٪) و غازی سروشتیش (21٪) سەرچاوەی ووزەی جیهان پێك دێنێت، واتا هێشتا نەوت و غاز (55٪) سەرچاوەی ووزە لە جیهاندا پێك دێنن[4]. لە ساڵی (2015) ەدا جیهان هەر ڕۆژێك (93) نەوەت و سێ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەکارهێناوە، لەساڵی (2018) ەدا بە نزیکەیی ئەم بڕە بۆ هەر ڕۆژێك گەیشتووە بە (100) سەت ملیۆن بەرمیل نەوت[5]. یانی سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و داهێنانەکانی مرۆڤ گەیشتووەتە ئەوپەڕی لوتکە هێشتا بەکارهێنانی نەوت و غازی سروشتی ڕووی لەزیادبونە.

لەبەرئەوەی جیهان تینوی ووزەیە، چەمکی "ئاسایشی ووزە-Energy Security" بووەتە مۆدێلێك لە سیاسەتی ئابوری جیهانی، لەوەش پتر بووەتە کۆلکەی هاوبەش لە نێوان ئاسایشی نیشتیمانی و سەرچاوە سروشتیەکانی دەوڵەت بۆ بەکارخستنی ووزە. بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئاسایشی نیشتیمانی لەگەڵ ووزەدا کۆنێکت بکات، ئەبێت دوو ڕێگە بەرچاوی خۆی بخات، یەکەمیان بەر بە تەشەنەسەندنی ڕەهەندە نەرێنیەکان نەوت بگرێت، دووەمیان لە ڕووی تەکنیکیەوە کوردستان بگاتە ئاستێك کە ئیدارەی سێکتەری ووزە بدات بۆ نمونە: بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ مەترسییەکان بکات (Risk Assessment) لە کێڵگەکاندا، یان لە سەلامەتی و تەندروستی بوارەکە (Health &Safety) بکۆڵێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سێ ڕەهەندی نەرێنی بۆ نەوت دیاری بکەین :

1- دەبێت هۆی سەر هەڵدانی توندوتیژیی و شەڕ لە وڵاتاندا
2- نەمانی ئینتیمای نیشتیمانی لای هاوڵاتیان.
3- بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و جیاوازی چینایەتی.

## 2-2. چۆنێتی پێش بینی کردن بۆ نرخی نەوت

نرخی نەوت وەك هەر كاڵایەكی تر لە بازاڕدا بەندە بە ئاستی "خواست و خستنە ڕوو"، تا خواست لە سەر نەوت زۆر بێت نرخەكەی بەرزتر ئەبێتەوە، تا ئاستی خستنە بازاڕی نەوتیش زۆر بێت نرخەكەی كەم ئەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند فاكتەرێكی گرنگتر هەن كە كار لەسەر بەرزبونەوەو نزمبونەوەی نرخی نەوت ئەكەن لەوانە: ئۆپیك (تا ئێستا 40٪ نەوتی جیهان ئۆپیك مامەڵەی پێوە ئەكات، ئۆپیك یەكێكە لەو لایەنانەی ویستیەتی نەوت بەهای خۆی لەدەست نەدا، ئەو نرخەی ئۆپیك ئەیەوێ بۆ ساڵی 2019 ئەوەیە كە بەهای یەك بەرمیلێك لە نێوان 68 بۆ 70 دۆلاردا بێت، بۆ ئەمەش لە كۆتایی 2018 ەدا ئۆپیك بڕیاری دا ڕۆژانە بڕی 1.2 یەك ملیۆن و دووسەت هەزار بەرمیل كەمتر بخاتە بازاڕەوە)(6). یەكێكی تر لە فاكتەرە گرنگەكان بریتی یە لە ململانێ سیاسیە هەرێمایەتیەكان، تا كێشەو بێشە لەو ناوچانەی نەوت بەرهەم ئەهێنن زیاتر بێت كاریگەری لەسەر نرخی نەوت ئەبێت، وەكو ئەوەی لە فەنزەویلا هەیە، ئەو جەنگ و قەیرانانەی كە لە سوریاو لیبیاو عێراق هەن، ئەو سزایانەی ویلایەتە یەكگرتوەكان خستویەتیە سەر ئێران، ئەمە هەندێ جار وا ئەكات نەوت خێراتر بگاتە بازاڕەكانی جیهان و هەندێ كاتیش بە پێچەوانەوە. هەروەها ئەشێت هەندێ جار كارەساتی سروشتی ڕوودات وەك گڕكان و تەقینەوەی جۆراوجۆر و لافاو...و...تادوایی، ئەمەش كاریگەری بخاتە سەر نرخی ووزە بەگشتی. یەكێكی تر لەو فاكتەرانەی لەبازاڕی نەوت دا گومان و ڕاڕایی دروست ئەكەن زیادبونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی ئەمریكایە، ئەوەش وا ئەكات خواست لەسەر نەوت كەم بێتەوە. هەندێ جاریش خەڵكی ساتو سەوداكەر لەبازاڕو بۆرسەدا زۆرن، نەوتێكی زۆر ئەكڕن، ئەمەش وا ئەكات كاڵاكە لەبازاڕدا كەم بێتەوە و نرخ زیاد بكات.

## 3-2. سەلامەتی نیشتیمانی و هەڵسەنگاندنی مەترسیەكان ( National Safety and Risk Assessment)

یەكێك لەو دیاردانەی لە سێكتەری ووزەی هەرێمی كوردستاندا بەدی ئەكرێت، نەبونی كادری تەكنیكی و بێ ئەزمونییە بەرانبەر كێڵگەكانی نەوت و غاز لەلایەك، لەلایەكی تریش نەبونی شەفافیەت و ڕاهێنانی پیشەییە لەبوارەكەدا. ئەگەر سەیر بكەین بەشێكی زۆر لەو وڵاتانەی خاوەنی كۆمپانیای گەورەن لەبواری نەوت دا، خۆیان خاوەنی دڵۆپێك نەوت یان هیچ سەرچاوەیەكی هایدرۆكاربۆنی نین!. كەچی سەرمایەیەكی گەورەیان لە وڵاتانی ئەفریكاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبواری نەوت و گازدا كۆكردۆتەوە، تەنانەت وڵاتانی خاوەن یەدەگی سروشتی هەژماری بانكیان ئەبەنە ئەو وڵاتانەی كە سەرچاوەی

سروشتی یان نییه.!. به واتایەکی تر هەرێمی کوردستان  چونکە لەڕووی تەکنیکیەوە لاوازە ئەبێت بۆ کەرەستەیەکی بچوك پشت بەخەڵکی ساتو سەوداکەر یان کۆمپانیا بیانیەکان ببەستێت.

لێرەدا سەلامەتی پیشەیی و پاراستنی ژینگەو ژیانی کارکەران لە مەترسییەکانی ژینگە، نەخۆشی، کارەبا، گڕکان و تەقینەوەی ئیستیوانە گازییەکان و...تادوایی...گرنگە، بۆ ئەمەش میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوەی لەچەند هەنگاوێکدا ئەنجام ئەدرێت:

یەکەم: دیاریکردنی مەترسییەکان

دووەم: دیاریکردنی ئەو تاکانەی یان ئەو کارکەرانەی کە ئەم مەترسییە ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە، ئایا چۆن چۆن ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە.

سێهەم: هەڵسەنگاندنی مەترسیەکەو دەستنیشانکردنی شێوازی خۆپاراستن

چوارەم: تۆمارکردنی ئەنجامەکان و جێبەجێ کردنی

پێنجەم: پیاچونەوەی هەڵسەنگاندنەکەو هەرچی تر پێویست بێت بکرێت. لەبەرئەوەی ئەمە کاری ئەندازیاری و پیترۆلیۆمە ئێمە لێرەدا لێی ئەگەڕێین[7].

## 2-4. مەترسیەکانی سەر یەدەگی سروشتی هەرێمی کوردستان: چۆن سەرچاوە بکەین بە یەدەگ ؟

یەکێکی تر لە مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ووزەی هەرێمی کوردستان، کەمبونەوەی سەرچاوەو یەدەگی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانە. (یەدەگ- Reserve: واتە سەرچاوەی زانراو و یەکلابوەوە لەژێر زەوی دا، سەرچاوە- Resource: واتە هێشتا ساخ نەبۆتەوەو بە فلتەرە جیۆلۆجیەکاندا تێ نەپەڕیوە) جا بۆ ئەوەی  "سەرچاوە" ببێتە "یەدەگ" چوار فاکتەری سەرەکی هەمیشە ئەو ڕۆڵە دیاری ئەکات، ئەوانیش لایەنی تەکنیکی، جیۆلۆجی، ئەمنی، وە هەڵگەڕانەوەی نرخ (تقلب الاسعار- Price Volatility) ە.

یەکەم: <u>لایەنی تەکنیکی</u>، بۆ نمونە، عێراق وولاتێکە لە ڕووی نەوتەوە دەوڵەمەندە، بەلاّم هەمیشە لەڕووی تەکنیکیەوە پشت بە کۆمپانیا ئێرانیەکان یاخود ئەمریکی و بیانییەکان ئەبەستێت، ئەوەش وایکردووە زۆرجار ملکەچیان بێت.

دووەم: <u>لایەنی جیۆلۆجی</u>، بۆ نمونە هەندێکجار نەوتی خاوی قورس (Heavy Crude Oil) چڕییەکەی بەپێی ستانداردی (API) نییە کە ئینستیوتی پیترۆلیۆمی ئەمریکی بە (20) پلە دای ناوە (نابێت کەمتر

بێت) بەلآم ڕەنگە ئەم کێڵگەیە تووشی  داخوران یاخود ئاوی تێکەڵ بێت، یان ووشك بێت، بۆ نمونە: کێڵگەی کێوە چرمەلە –Kewa Chirmila ووشك بوە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕوومالی ساڵانەی نەوت و غاز لە ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS  لەو تەوەرەی پەیوەستە بەکێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە، دەرئەکەوێت کە لە ( بلۆکی تازە) ەدا کۆمپانیای Oil Search Ltd نەیانتوانیوە نەوت بەدەستبهێنن و بڕی (393.3) ملیۆن دۆلار زیانیش بەر کۆمپانیای ناوبراو کەوتوە، لە (کێڵگەی بەردە ڕەش) بەهەمان شێوە یەدەگەکە زۆر کەمبویەوە[8]. کێڵگەی نەوتی تەق تەق یەکێکی ترە لەو کێڵگانەی  کە نزیك بۆتەوە لە هەرەسهێنان، لە (683) ملیۆن بەرمیلی ساڵی (2011) ەدا کە بەرهەمی هێناوە گەیشتۆتە (356) ملیۆن بەرمیل لەساڵی  (2015) ەدا[9]، هەروەها لەسەرەتای (2018) ەدا ڕۆژانە (14000) چواردەهەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، لەکاتێکدا پێشوو تر (140000) سەت و چل هەزار بەرمیل بەرهەمی هەبوە لە ڕۆژێکدا[10].

سێهەم: فاکتەری ئەمنی، بەهەمان شێوە ڕۆڵی گرنگ ئەگێرێت لە دیاریکردنی یەدەگی نەوت و غازدا، بۆ نمونە "مینا" کانی جیهان هەمیشە جێگەی مشتومڕو ناکۆکییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانن، کۆنترۆڵکردنیان هۆکاری جەنگەکان بووە، " مینای عەقەبە لە ئوردون وەك تاکە دەروازەی ئاوی"، مینای "سیفاستوبول لە دورگەی قرم" کە ڕووسیا هەیمەنەی هەیە بەسەریدا، "مینای حەیفا لە ئیسرائیل"، لە سوریا "تەرتوس"، لە قوبرس تازە دەست بە دۆزینەوەو دەرهێنانی غاز کراوە لە لیماسول و لارناکا، لە تورکیا "جەیهان".. لە هەرێمی کوردستان دوو کێڵگەی هەرە سەرەکی نەوت و غاز بەردەوام لە ژێر مەترسیدان کە کێڵگەکانی "کۆرو مۆڕ–Kor Mor" و "خورمەڵە– Khurmala" یە بەهۆی ئەوەی لەڕووی جوگرافییەوە ئەکەونە ناوچە تەماسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزیی لەلایەك، ئێران و تورکیاش لەلایەکی تر، ئەمەش وا ئەکات لە ناکاو یەدەگێکی زۆر لەدەست دەربچێت، هەروەها لایەنێکی تری مەترسی ئەمنی بریتی یە لە ترانزێتی بۆرییەکان کە بەخاکی تورکیادا تێپەڕ ئەبێت (ئەمە ئەچێتە خانەی جیۆپۆڵەتیکی ووزەوە کە ئاکامەکەی لەدوو ئەگەر تێپەڕ ناکا: یان هاریکاری هەرێمایەتی یاخود ناکۆکی)، جاری وا هەیە لەناوخۆدا هەندێ جار هێڵەکانی بۆڕیی  تووشی مەترسی جۆراوجۆر ئەبنەوە...

چوارەم: هەڵگەڕانەوەی نرخ (تقلب الاسعار) کە مەترسی و نا–دڵنیاییە لەوەی (نرخ) ی کارکردنی کۆمپانیاکانی کار لە بواری ئاماژە پێدراودا وا دەرنەچێت، مەسەلەن کۆمپانیایەك لە قۆناغی یەکەمدا لە چوارچێوەیەکی بەرفراوان دا دەست ئەکات بە: گەڕان و پشکنین و پاشان کە ئەگاتە (دەرهێنان) نرخی نەوت دائەبەزێت، ئیتر کێڵگەکە بەجێ ئەهێڵێت یان هەر ڕێککارێکی تر بە پێی جۆری گرێبەستەکان، کە لێرەدا گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم  بەگشتی  گرێبەستە لەسەر شێوازی (بەشداری وەبەرهێنان –

Producing Sharing Contract) که تێیدا بەرپرسیارێتی یاسایی و دارایی و ژینگەیی ئەکەوێتە سەر حکومەتی خانە خوێ (هەرێمی کوردستان).



بەرزبونەوەی بڵێسەی کێڵگەی نەوتی تاوکێ نزیک پارێزگای دهۆک. سەرچاوە: ڕۆیتەرز

### 2-5. تیۆریزەکردنی  ووزە لە هەرێمی کوردستان

یەکێک لە خەوشەکانی ئابوریی و سیاسەت لە کوردستان بەگشتی، ئەوەیە هەر شتێک بە بێ پشت بەستن بە (نەزەریە- بیردۆز-Theory) ێک ئەڕواتە ڕێوە!. بۆ نمونە یەکێک بپرسێت: ئایا پەیوەندی دروستکەرانی بڕیار لەهەرێمی کوردستان یاخود سێکتەری نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازاڕی جیهانی دا چییە و چۆنە؟. هیچ وەڵامێک دەستەبەر نابێت ئەگەر تیۆرییەك لەپشت ئەمەوە نەوەستابێت.  یان بۆ نمونە چۆن وا لەهەرێمی کوردستان بکەین دوور بێت لە ڕاڕایی و تەنگ و چەڵەمەی ئەمنی؟. بە بێ بونی تیۆرییەك کە یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتنی زیاتر ناتوانین ئەمە بەرجەستە بکەین.

یەکێك لەو تیۆرە گرنگ و باوانەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا جێگەی خۆی کردۆتەوە (تیۆری جێگیربونی هەیمەنە – النظرية الاستقرار الهيمنة- Hegemonic Stability Theory)ە، ئەمە گونجاوییەکەی ئەوەیە کە تیۆرییەکی دووڕەگە –Hybrid Theory، نیۆ-لیبراڵەکان پەسەندی ئەکەن لەبەرئەوەی ڕێگەئەدا شتومەکی گشتی لە بازاڕی ئابوری ئازاددا بخرێتە ڕوو، نیۆ-ریالیستەکانیش بە داهێنانی خۆیانی دائەنەن و، لایانوایە سەروەری (دەوڵەت) ئەخاتە پێش هەموو شتێکەوەو، لەم تیۆرەدا دەوڵەت بیر لەهیچی تر ناکاتەوە ئەگەر بەرژەوەندی خۆی تیا نەبێت، لێرەدا دەوڵەت هەموو شتێك پشتگوێ ئەخا تەنها بەدوای "بەهێزکردن" ی خۆیدا ئەگەڕێت. تیۆری ئیستیقراری هەیمەنە کە " چارلیس کایندلبیرگر–Charles Kindleberger" لە کتێبی " جیهان لە ڕۆچوندا– The world in Depression: 1929-1939" دا شی ئەکاتەوە، کە پێویستە دەوڵەت یان هێزی بالأدەست یاساو مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ لە میانەی کارلێکردن لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بۆ ئەوەی دوور بێت لە ڕاڕایی ئەمنی و لە سبەینێ دا پارێزراو بێت.

نەوت و غاز بابەتێکە، زیاتر ئەچێتە ناو چوارچێوەی زانستێکی نوێوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێی ئەوترێ (پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان– International Political Economy) ئەگەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بێت بۆ تاتویێ کردنی جۆرو ڕێبازی پەیوەندییەکان لەنێوان "فاعل- ئەکتەر" ە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەوە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان بریتی یە لە پەیوەندی نێوان حکومەتی دەوڵەتەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانی دا.

تا هەنوکە یەکێك لە بەهێزترین تیۆرییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا (ریالیستەکانن– الواقعيون- Realists)، ئەمانە لایانوایە سروشتی بەشەریەت بەدو خراپە، بەهێزترین ئەکتەرێك هەبێت کە لە سیستەمی نێودەوڵەتی دا ڕۆڵ بگێرێت "دەوڵەت" ە، پەیوەندییە ئابورییەکانیش لەنێوان دەوڵەت یان یەکەکاندا لەسەر بنەمای هاریکاری نییە بەڵکو بریتی یە لە "کێبرکێ کردن" لە پێناو بەدەستهێنانی هێزی زیاتردا، بۆیە ئەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هێزی سیاسی و سامانی ئابوری دا هەبێت، یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەم قوتابخانەیە "فریدریچ لیست –Friedrich List" ە ساڵی (1841) لە ئەڵمانیا کتێبی (The National System of Political Economy) نووسی، باس لە سیستەمێکی نیشتیمانی ئەکات لە ئابوریی سیاسی دا، لەبارەی ئەوەی چۆن نەتەوە– نیشتیمانێك ئەتوانێت ئاستی سامان و هێزی خۆی بەرزبکاتەوە؟. بانگەشەی ئابورییەکی کۆزمۆپۆلیتی ئەکات (کۆزمۆپۆلەتیك یانی ئایدۆلۆجیایەکە کە هەموو مرۆڤایەتی بە ڕابردوو، بە ئایندەکەیەوە، بە هەر نەتەوایەتی و ناسنامەیەکی جیاوازەوە ئینتیمایان بۆ یەك کۆمەڵگەو یەك بازنە هەبێت، بەمانایەکی تر هەموو ئەخلاقیاتێك لەیەك

سەرچاوەوە بێت، بە کورتیەکەی سەرمایەداری بەهای هاوبەشە ئابوری ئەبێت لەناوخۆدا گرێ نەدرێ بە باج ەوەو قازانجی ئابوری بۆ هەموو کۆمەڵگەی بەشەرییە). لەسەر ئەمە ئەڵمانیا زیندانی کردو ناچاریان کرد واز لە ناسنامەکەی بهێنێت(11).

فریدریچ لیست، زۆر هێرش ئەکاتە سەر لیبراڵیستەکان، ناسیۆنالیزمی ئابوری گرێ ئەدا بە مانیفاکتۆر " وەرشەی بچووک" ەوە، بەجۆرێك ئەگەر دەوڵەت یان کۆمپانیا ناوخۆییەکان بوون بە خاوەنی کەرەستەی بچوکی خۆیان یان پیشەسازییەکی سەرەتایی ئیتر ئەتوانن خۆیان بەهێز بکەن و کێبڕکێ بکەن لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ ئەمەش ئەکرێ بەریتانیا وەك لانکەی شۆڕی پیشەسازی وەرشە و پیشەسازی بچووك هەناردەی ئەڵمانیا بکات، ئەڵمانیەکانیش خۆیان بەهێز بکەن و کێبڕکێی ئەوانی تری پێ بکەن!...دوای جەنگی دووەمی جیهانی، واقعییەت کەوتە خۆی لە فۆرمی جیاجیادا، یابان بوو بە وڵاتێکی گەشەکردوو، بەو ئایدیایەی کە "حکومەت پاڵپشتی سێکتەری مانیفاکتۆر" کرد، یابان بوو بە وڵاتێکی پیشەسازی.

### سێهەم: گرنگی جیۆستراتیژی باشوری کوردستان و پێگەکەی لەناوەندی حەوزەکانی ووزەدا

#### 1-3.پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان

باشوری کوردستان دوورنیە لەو دەریایانەی کە لەناوچەکەدا هەن، وەك دەریای ڕەش و قەزوین و دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵام هەر بەهەرێمێکی داخراو دائەنرێت، چونکە بەڕادەیەك لەو دەریایانەوە دوورە و چەندین زنجیرە چیا هەن کە لەوانی دائەبڕێت.

پرۆفیسۆر "شاکر خەسباك" لە کتێبی "کوردەکان: لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و ئیتنۆگرافی" ئەوە ناشارێتەوە کە کورد قوربانی دەستی ئەم پێگە ستراتیژیە داخراوەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندییەکانی پێگەی کوردستانی عێراق دەستنیشان ئەکات لەوانەش:

1- گرنگی تۆبۆگرافیا و گرنگی چیاکانی لەڕوی جیۆپۆلەتیکیەوەو لایەنە نیگەتیڤەکانی چیاکانی کوردستان.
2- دەشتەکان و گرنگی ئابورییان.
3- تایبەتمەندیە ستراتیژیەکانی پێگەی کوردستانی باشور لەپلان و پرۆژە ئەورووپیەکاندا، یەکێك لەوانە بیرۆکەی دروستکردنی ڕێگەیەکی وشکانی گرنگی پێشکەش کردوە کە ئەورووپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بەیەکەوە دەبەستێت لەڕێی تورکیاو وڵاتی میزۆپۆتامیاوە لەگەڵ پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا بەناو کوردستانی باشوردا.
4- گرنگی چیاکانی کوردستان لای بەریتانیەکان چونکە ئەمان پێیان وایە کە ئەم چیایانە باشترین بەربەستی سروشتین بۆ پاراستنی ناوچەکانی عێراق لەتەماحی تورکیاو ڕوسیا .

5- گرنگی کێڵگەکانی نەوت لای بەریتانیەکان و دواتریش لای ئەمریکاو دەوڵەتانی تری ڕۆژئاوا چونکە نەوت شادەماری ئابوری ڕۆژئاوایە.

6- گرنگی سەرچاوە ئاویەکانی کوردستان لای بەریتانیەکان گرنگی هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتەو کۆنترۆڵکردنی لافاوی ئەو ڕووبارانەی کە لەکوردستانەوە دێن و سودوەرگرتن لەو ڕووبارانە لەکشتوکاڵدا لەباشورو ناوەڕاست و باکوردا.

7- گرنگی سامانی کشتوکاڵی کوردستان بۆ بەریتانیاو ئەمریکاو وڵاتانی سەر بە ئەوان[12] .

## 2-3. نەوتی کەرکوک (ڕەهەندو لێکەوتەکانی)

بە تێڕوانین لە ڕووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و، خۆماڵی کردنی نەوتی کەرکوک لە ساڵی (1927) دەرئەکەوێت لە سەت ساڵی ڕابردوو (1919 بۆ 2019) هیچ کاتێك کورد پلانێکی زانستی ووردو پوختی بۆ کەرکوك بەگشتی و، بۆ جوگرافیای کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك بەتایبەتی نەبووە، هەموو کاتێکیش کەرکوك خاڵی سەرەکی گفتوگۆ و دانوستانەکان یاخود هۆکاری شەڕو ململانێکان بووە. لە دوای ڕووخانی سەدام (2003) شارەکە بۆ ماوەی (14) ساڵ واتا تا (2017) کەوتە ژێر دەستی کوردو دەستەڵاتی کوردی، بەڵام دیسان بەهۆی نەبونی پلان و ناکارامەیی بەرپرسانی کورد لەشارەکەو، گەندەڵی و، ململانێی نێوخۆیی کورد لەشارەکە، کەرکوك و نەوتی کەرکوك کەوتەوە دەست حکومەتی عێراقی. ئیمڕۆکە بۆ فرۆشتنی نەوتی کەرکوك چەندین ڕێگە لە ئارادایە، لەوانە: هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆ ئوردون، ڕەوانەکردنی بە هێڵی نەوتی کوردستان- جەیهانی تورکی، هەروەها هەناردەکردنی نەوتی شارەکە بۆ ئێران و، بەکاربردنی نەوتی کەرکوك بۆ پاڵێوگە نێوخۆییەکانی عێراق:

### 3-2-1. هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆ ئوردون

ووڵاتی ئوردون ئەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای عێراقەوە، لەهەموو سەردەمە یەکلەدوای یەکەکاندا مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ کراوە، لەشەڕی ئێران- عێراق دا ئوردون بەچەك و بە پراکتیکی پاڵپشتی عێراقی کرد، لەکاتی دەرکردنی سوپای عێراق لە کوەیت دا دیسان ئوردون دژ بە عێراق نەوەستاو پاڵپشتی بەعسیەکانی کرد، لە بەر ئەم هۆکارانە حکومەتی عێراق هەمیشە نەوتی بە ئوردون فرۆشتووە بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ.

لەدوای پرۆسەی ئازادی (2003) ەوە، ئەم ویستە بەردەوام بووە، ساڵی (2006) حکومەتی عێراق و ئوردون ڕێککەوتن کە ڕۆژانە (10000) دە هەزار بەرمیل ڕەوانەی ئوردون بکرێت تا (2) ساڵ ئەم گرێبەستە بەردەوام بێت و هەر بەرمیلێکیش (18) دۆلار کەمتر لەنرخی بازاڕ بە ئوردون بفرۆشرێت، بەڵام

لەبەر خراپی دۆخی ئەمنی لە خۆرئاوای عێراق ئەمە وەدی نەهات. دیسان ساڵی (2008) هەردولا ڕێککەوتنەوە کە بۆ ماوەی (3) ساڵ ڕۆژانە (10000) بەرمیل نەوت هەناردەی ئوردون بکرێت و هەر بەرمیلێکیش (22) دۆلار کەمتر لە نرخی بازاڕ بفرۆشرێت بە ئوردون و، زیاتریش بکرێت تا ئەگاتە (100000) هەزار لە ڕۆژێکدا، ئەمەش هەموو ڕۆژێك (400) تەنکەر لە قەزای بێجیەوە بە (800) کم نەوتەکە ئەگەیەننە دەست تەنکەرە ئوردونیەکان و، ئەوانیش ئەیبەن بۆ پاڵێوگەی زەرقا. هەرچەندە ئەم شێوازە لە گواستنەوە هەلومەرجێکی دژواربوو، وەك لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی (2010)ەدا (18) تانکەر گڕیان تێبەربو (2) شۆفێر گیانی لەدەستداو (12) دیکەش بریندارببو[13].

ساڵی (2011) دیسان حکومەتی عێراق و ئەردەن ساڵی (2011) دوای کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەیان ڕێککەوتنەوە کە لولەیەکی نەوتی لە شارۆچکەی حەدیسەی عێراقەوە تا بەندەری عەقەبە ڕابکێشن، ئەمەش تا ماوەی (5) ساڵ ئەخایەنێت، بەلاَم هاتنی داعش ئەم پرۆژەیەی سڕییەوەو لەبیری هەردولای بردەوە. جارێکی تر دوای کۆتایی هاتنی جەنگی داعش حکومەتی عێراق لەسەردەستی "عادل عەبدولمەهدی" بڕیاری دا نەوتی کەرکوك ڕەوانەی ئەردەن بکرێتەوە بە تەنکەر بەهەمان بڕی پێشو کە ڕۆژانە (10000) دەهەزار بەرمیلەو بەنرخێکی کەمتر لەبازاڕ[14].

### 3-3. ئایا نەوتی خاوەلەئایندەدا تەنها ڕەگەزی سەربەخۆیی کوردستانە؟

ئامادەکردن و سازدانی دەوڵەتیش بۆ بەرگریکردن چەند ڕەگەزێکی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت کە برتیین لەمانە:

أ- ئامادەکردنی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت.
ب- ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکان.
ج- ئامادەکردنی ئابوری نیشتمانی.
د- ئامادەکردنی خاك و زەوی دەوڵەت.
هـ ئامادەکردنی دامودەزگارکانی دەوڵەت.
و- ئامادەکردنی گەل

"واتە: ئەکرێت نەوت و غازی سروشتی پاڵپشت بە سیستەمێکی دارایی بەهێز لە هەرێمی کوردستان ببنە پاڵنەرێك بۆ وەگەڕخستنی سێکتەرەکانی تر و، پاشان دامەزراوەکان سەرپێ بخرێن، ئینجا کار بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بکرێت، ئەوەی بینیمان (وە ئەبینرێت) بەپێچەوانەوە گەل ئامادەگیەکی ئەوتۆی نییەو، ئەرتەشێکی یەکگرتو لە کوردستان نییە".

### 4-3. ڕێگای ئاوریشمێکی نوێ بەرەو دەریای ناوەڕاست

سەرۆك كۆماری عێراق "د. بەرهەم ساڵەح" لەبەرواری (22ی نۆڤەمبەری 2018) لە میانەی بەشداریکردنی لە "دیالۆگی مێدیتریانە- ISPI" لە ئیتاڵیا ئەڵێت " عێراق ناوچەرگەی ڕێگەی ئاوریشمێکی نوێیە بەرەو دەریای ناوەڕاست"[15].

هەرێمی کوردستان و عێراق دواجار ئەکەونە سەر یەك هێڵی ووزە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ستراتیجی ووزەی ئەم عێراقە، پێویستە شوێنی هەرێم لە نێوان حەوزە گەورەکانی ووزەی ناوچەکەدا دیاری بکەین و، بزانین ئاخۆ کامە حەوزە ڕاستەوخۆ سەری لەناوخوانی سیاسەتی ئابوری و ئەمنی هەرێمی کوردستاندایە؟

هەرێمی کوردستان بەشێکە لەستراتیجی ووزەو بازاڕی ئابوری عێراق، ئەم عێراقەش لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە دەریای قەزوین و، لە باکورو باکوری ڕۆژئاواوە بە دەریای ناوەڕاست و، لە باشوریشەوە بە ناوچەی کەنداوی عەرەبی دەوردراوە، کە هەر سێ حەوزەکە جگە لەبایەخی جیۆ- سیاسی و فەرهەنگی خاوەنی زۆرترین یەدەگی سروشتی جیهانن.

ململانێکانی ووزە لە جەمسەرگیری هەرێمایەتی دا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دوو بواری گەورەی (بازاڕ) و (جیۆپۆڵەتیك) هەیە، هەرچەندە بە بڕوای جۆزیف نای-Joseph Nye جوگرافیای ئابوری جێگەی جوگرافیای سیاسی ناگرێتەوە. بەڵام ململانێکانی ناوچەکە پێیان ناوەتە قۆناغێکی ترسناکەوە لە سەدەی بیستویەکەمدا، لەدوای ساڵی (2008) ەوە ئیدارەی ئۆباما و یەکێتی ئەورووپا ویستیان بە درێژایی (3300) کیلۆمەتر لەناوەڕاستی ئاسیاوە غازی سروشتی بگەیەننە ناوەڕاستی ئەورووپا لە ڕێگەی پرۆژەی " هێڵی نابۆکۆ- Nabucco pipeline" ەوە، ئەم هێڵەش بە بنا گوێی ڕووسیادا تێپەڕ ئەبو، وە بە ئازەربایجان و بەخاکی تورکیادا ئەگەیشتە نەمسا... لەناکاو لەگەڵ ڕاچڵەکینی ڕوسیاو، گەڕانەوەی سەربازی و سیاسیی بۆ ناوچەکەو، دەستپێکردنی ناکۆکی چەکداری لە ئۆکراین و، دوورگەی کریمیاو، سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و، قەیرانی سوریاو، مەترسی بەیەکداکێشانی ڕووسیاو ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو، دواتر هەژمونی ڕووسیاو ئێران بەسەر ناوچەی قەزوین (کە پرۆژەکە پشتی پێدەبەست) هەموو ئەمانە وای کرد پرۆژەی نابۆکۆ لەکاربکەوێت، لەبری ئەوەش " گازپرۆم" ی ڕووسی پرۆژەی "تورکش ستریم"ی پێشنیارکرد کە لەدەریای ڕەشەوە بەخاکی تورکیادا بگاتە مەجەڕ[16] (بەڵام ئەمجارە لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسیادا بەهاوکاری تورکیا...کە تورکیا ساڵانە بۆ هاوردەکردنی 34٪ی غازی سروشتی خۆی پشت بە ڕووسیا ئەبەستێت).

لەمیانەی قەیرانەکانی جەنگی داعش و، کورتهێنانی دارایی هەرێمی کوردستان، لە (شوباتی2017) ەدا لەسەردەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم " نێچیرڤان بارزانی" لەبەرانبەر وەرگرتنی (3) ملیار دۆلاری پێشەکی دا، تەواوی هێڵی بۆری و مامەڵەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی سروشتی ڕادەستی کۆمپانیای ڕۆس نەفت کرا[17]. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گۆڕینی هێڵی ووزەی هەرێمی کوردستان باجی گەورە بەدوای خۆیدا ناهێنێت؟. لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزی زەمینی و مووشەکی خۆی لە دەریای ڕەشەوە (بولغاریا و ڕۆمانیا) تا ناوچەی بەلتیق (لاتیڤیاو لیتوانیا) تا ئەگاتە باکوری قەوقاز بە جۆرجیاو ئۆکرانیاشەوە جێگیرکردووە. ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن بە هەژمونی ڕووسیا تا نەگاتە ئەورووپاو، ڕێڕەوەکانی دەریای ناوەڕاست.!.

لە ساڵی (2014) ەوە شێوەیەکی چڕوپڕ هەریەکە لە ئیسرائیل-قوبرس- میسر بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەکەناری دەریادا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی خەریکی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و بڕێکیش لەنەوتن، ئەمەش ئیسرائیلی لەو حەوزەیە لە وڵاتێکی هاوردەکاری ووزەوە کردۆتە ووڵاتێکی هەناردەکار لەلایەك،ی لەلایەکی تریش ناکۆکیەکانی نێوان تورکیاو یەکێتی ئەورووپای لەسەر کێشەی قوبرس بردۆتە ئاستێکی گەورەترەوە، دیارە هەریەکە لە سوریاو لوبنانیش ئەکەونە سەر حەوزەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی. ئەمەش ڕووسیاو ئێرانی خستۆتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە بونی ئابوری و سەربازییان لەوناوچەیە هەبێت، بەڵام بەگشتی کلیلی پاراستنی ئاسایشی دەریای سپی ( کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ ئەدات بە ئەورووپاوە) دراوە بە " قوبرس- ئیسرائیل- یۆنان" بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان و، بونی کەشتیە سەربازییەکانی ئەمریکا لەناوچەی دەریای ناوەڕاست.

دەرکردنی ئێران و ڕووسیا لە سوریا بووەتە ئامانجێکی هەرە گەورەی ئەمریکاو ئیسرائیل. چونکە لە باکوری سوریا (کە لە ژێر قەڵەمڕەوی هێزە کوردییەکاندایە لە 2014 ەوە تا ئێستا 2019) پێش سەرهەڵدانی جەنگ لەسوریا ڕۆژانە (4000000) چوار سەت هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، ئەمەش کوتلەی ووزەی دەریای ناوەڕاست دەوڵەمەندتر ئەکا[18]. هەریەکە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە ئەندازەیەکی جوگرافی زۆر نزیك ئەگەنە دەریای ناوەڕاست. بۆیە ئەم ڕێگای ئاوریشمە نوێیە کاری لە پێشینەی ڕێبەرانی حەوزەی دەریای ناوەڕاست و ویلایەتە یەکگرتووەکانە کە لولەی نەوت و گازی سروشتی لێوە ڕابکێشن تا لە ڕێگەی ئەو هێڵەی بەژێر دەریادا لە نێوان قوبرس و ئیسرائیل دا ئەگاتە دورگەی "کریت-Crete" ی یۆنان بگاتە خۆرئاوا.

### 1-4-3. ئامانجەکانی نەگۆڕەکانی تورکیا

1- ڕێگە لە بەیەکگەیشتنی کوردی باشور و ڕۆژئاوا بگرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کوردی باکور دانەنەن.

2- ڕێگە لە پیلانی ئێرانی – ڕووسی بگرێت تا دەست نەگرن بەسەر کانە نەوتیەکانی سوریادا.

3- ببێتە پردێکی گەیەنەری ووزە لە ئاسیاوە بەرەو ئەوروپا

4- ئەوروپاو ئەمریکا ناچاربکات وەك نوێنەرایەتی زۆرینەی سووننەی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

### ڕاسپاردەکان

یەکەم: هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و غاز پێویستە ئەم کەرتە بە دامەزراوەی نیشتیمانی بکات.

دووەم: هەرێمی کوردستان پێویستە ڕۆڵی حیزب و حکومەت لە سێکتەری ووزەدا کەمتر بکاتەوەو، بوار بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەگشتی و کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاری نەوت بدات تا وەبەرهێنان بکەن، لەم کەرتەشدا پێویستە یاسای (بەرپرسیارێتی هاریکاری کۆمەلأیەتی – Corporate Social Responsibility) دەربچوێنێت تا ئەو کۆمپانیا بیانیانە ناچاربکات بە دیاریکردنی بودجەیەك بۆ بیمەی کۆمەلأیەتی و هاریکاری ناوەندو سەنتەرەکانی توێژینەوەو...تادوایی.

سێهەم: هەرێمی کوردستان پێویستە پێداچونەوە بەهەموو گرێبەستانە بکات کە لە ڕابردوودا کردونی لەگەڵ کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، بەپێچەوانەوە هاوشێوەی نەوتی کەرکوك کێڵگەکانی دیکەش لە ئایندەدا ئەکەونە بەردەست حکومەتی مەرکەزی بەغدا.

چوارەم: هەرێمی کوردستان زوو یان درەنگ هێڵی ووزەی خۆی بە ئاڕاستەی دەریای ناوەڕاست وە گەڕ ئەخا (یان بخات)، بۆ ئەمەش پێشەکی پێویستی بە لۆبی کردنە لەم حەوزەیەو لەناوەندە کاریگەرەکانی جیهان دا.

پێنجەم: بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی بەهێز پێداویستیەکی هەنوکەییە کە لەناوخۆدا وەلأمدەری خواستەکانی خەڵك و، لەئاستی بەغدادا بتوانێت ڕێگری لەدەرچونی ئەو یاسایانە بکات کە پەیوەند بە نەوت و غازو سامانی سروشتی دەرئەچێت.

## دەرئەنجام

هەرێمی کوردستان، پێگەیەك نییە بۆ پیشەسازی و، هەموو کەرەستە سەرەتاییەکانی لەدەرەوە هاوردەئەکات، هەموو کرێیەکی وەبەرهێنان خۆی ئەیدات، نەیتوانیوە سێکتەری ووزە و پیشەسازی نەوت و غاز لە چوارچێوەی سیستەمێکی نیشتیمانی دا بەرجەستەبکات. هاوکات سیستەمێکی دارایی و ئابوری لاوازی هەیە کە سەرچاوەی داهات فرەچەشن نییە لەلایەك و، لەلایەکی دیکەش پێشکەوتنی کەرتی ووزەو سیستەمی دارایی پێچەوانە ئەگۆڕێن ئەمەش هۆیەکەی بۆ لاوازی سیستەمی دارایی هەرێم ئەگەرێتەوە. لەسەر ئاستی بەغدا تاوەکو ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی هیچ نوێنەرێك یان فەرمانبەرێك نییە لە کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ) ئەمەش ئەکرێت بکرێتە یەکێك لەمەرجەکانی دانوستاندن بۆ ئاگاداربون لە بە بازاڕکردنی نەوت و غازی سروشتی عێراق و ناوچەکە بەگشتی. دەرفەتەکانی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی کوردستان بەستراوە بە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە هەرێمایەتیەکان و، وەها لێکردنی داهاتی نەوت کە ببێتە پاڵنەرێك بۆ گەشەسەندنی سێکتەرە خزمەتگوزاری و کۆمەلأیەتی و زانستی یەکان لەناوەوەو، پاراستن و لۆبی کردن بۆ کەسێتی هەرێم لەدەرەوە.

## بیبلۆگرافیا

[(1)]Barwari, N (2018) Understanding the Political Economy of the KRI: The way forward toward better governance, Middle East Center Blog, see here for more information: blogs.lse.ac.uk/.../understanding-the-political-economy-of-the-kri-the-way-forward-to...

[(2)]World Bank Group (2018), Kurdistan Region of Iraq Reforming the Economy for Shared Prosperity and Protecting the Vulnerable, IFC Director: Mouayed Makhlouf, (P: 24-32).

[(3)]Barwari, N (2018) : FS..

[(4)]Miningoilgasjobs (2018) Quick facts on oil, gas and energy sources. www.miningoilgasjobs.com

[(5)] International Energy Agency: https://www.iea.org/oilmarketreport/omrpublic/

[(6)]Baker Mckenzie: Global Transactions Forecast 2019, Oxford Economics, P 9-12.

[(7)] تقرير العام 2011 لليوم العالمي : لنظام إدارة السلامة والصحة المهنيتين: أداة للتحسين المستمر. ص 2.

(8) پە یمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی (2018): یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی بازاڕی ئابوری جیهانیەوە، ئامادەکردنی: بەهرۆز جەعفەر.

[(9)] Genel Energy plc, Taq Taq reserves update, 26 February 2016; http://www.genelenergy.com/media/1900/genel-energy-taq-taq-reserves-update-290216-final.pdf

[(10)] Robin Mills, Genel Energy another victim of Kurdish Geology, 16. 4.2017. https://www.thenational.ae/business/genel-energy-another-victim-of-kurdish-geology-1.21278

[(11)]Roy SMITH, Imad EL-ANIS (2013). International Political Economy in the 21st Century, Contemporary Issues and Analysis. Lonadon and New York. P 10- 11.

[(12)] شاكر خصباك (1972) الأكراد (دراسة جغرافية أثنوغرافية)، بغداد، مطبعة شفيق، ص 8-22.

[(13)] فەرهاد حەمزە (2019): هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆ ئوردون، پە یمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی.
http://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=132

[(14)] هذا اليوم (٢٠١٩) العراق يوافق على تصدير نفط كركوك الى الاردن

https://hathalyoum.net › كركوك ناو › الرئيسية

(15) President Salih in an important speech in Rome: Iraq is the heart of a new silk road to the MEDITERRANEAN https://presidency.iq/EN/Details.aspx?id=1069

(16) . زهير جمعة المالكي (٢٠١٦): العراق وتقاطع المحاور، مركز البيان للدراسات والتخطيط.

http://www.bayancenter.org/2016/10/2520/

(17) Rueters (2017): Russia's Rosneft to take control of Iraqi Kurdish pipeline

https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-kurds-rosneft-idUSKBN1CP16L

(18) Demir, N and TEKIR, O (2017) Sharing Energy Resources of Eastern Mediterranean: Regional and Global Dynamics. Izmir Katip Celebi University, Faculty of Economics and Administrative Science. Vol. 17, No. 4, Page 652- 658.